# ڕۆژنامەگەریی کوردی
# لە بەڵگەنامە ڕەسمییەکانی حکومەتی بەریتانیادا
# ١٩٤٠-١٩٦٠

نەوزاد عەلی ئەحمەد
ڕاوێژکار لە پەرلەمانی کوردستان- عیراق

## پوختە:

لەم بابەتەدا کار لەسەر بەڵگەنامەکانی حکومەتی بەریتانیا کراوە کە لە دووتوێی چەند کتێبێك چاپ و بڵاوکراونەتەوە. لە نێو بەڵگەنامەکاندا تەنیا یەك بابەت وەرگیراوە ئەویش ڕۆژنامەگەریی کوردییە، توێژەر بۆ باشتر گەیاندنی پەیامی نووسینەکەی بابەتەکەی دابەشی سێ بەش کردووە، لە هەر بەشێکدا لەژێر چەندان ناونیشاندا وەسفی بەڵگەنامەکانی کردووە و پاشان شیتەڵکاریی بۆ کردوون، تا بزانرێت بۆچی بەریتانییەکان زانیارییان سەبارەت بەو ڕۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوە کوردییانە کۆکردۆتەوە کە ئەوکاتە چاپ و بڵاوکراونەتەوە،بە پشت بەستن بە کۆمەڵێك زانیاری وەڵامی ئەو پرسیارە دەداتەوە.

***وشە سەرەکییەکان:*** *ڕۆژنامەگەریی کوردی، بەریتانیا، بەڵگەنامە، عیراق.*

## پێشەکی:

تا چەند ساڵێك لەمەوبەر کتێبخانەی کوردی زیاتر ئاشنا ببوو بە کاروبەرهەمی ڕۆژهەڵاتناسان، واتە ئەو ڕۆژئاواییانەی بە هەر مەبەستێك بووبێت دەربارەی کوردستان سەرنج و قسەوباسی خۆیان سەبارەت بە کورد و کوردستان لە باری مێژوو، جوگرافیا، کولتوور، دابونەریت نووسیوە و لە شێوەی کتێب یاخود وتار و لێکۆڵینەوە بە زمانەکانی جیهان بە تایبەتیش ئینگلیزی، ڕووسی، فەرەنسی و ئیتاڵی بڵاوکردۆتەوە. بەڵام لە دە ساڵی ڕابردوودا کۆمەڵێك نووسەر و وەرگێڕ و لێکۆڵەر دەستیان بە گەڕان و پشکنین و سۆراغکردنی ئەرشیفخانەی وڵاتە زلهێزەکانی جیهان کردووە، بە تایبەتیش ئەوانەی لە کوردستان بارەگا

و نوێنەر یاخود هێزی سەربازییان هەبووە و لە پاڵ کارەکانیاندا راپۆرت و زانیاریان لەمەڕ کورد و کوردستان بۆ لایەنی پەیوەندداری وڵاتەکانیان ناردۆتەوە. لە یاسای زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکانی وڵاتانیش پێڕەو کراوە، کە نووسراوە نهێنییەکانیان دوای ٢٥ ساڵ لەبەردەم توێژەر و پسپۆر و شارەزاییان ئازاد دەکرێن، لەو رووەوە بۆ نموونە هەر تەنیا زانکۆی کامبیرج لە بەریتانیا وەردەگرین کە کتێبێکی ١٣ بەرگی بەم ناونیشانە ( مەسەلەی کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیدا) بە زمانی ئینگلیزی بڵاوکردۆتەوە.

توێژەرانی کورد زیاتر چاویان بڕیوەتە ئەرشیفخانەی وڵاتە زلهێزەکانی وەك؛ فەرەنسا، ئەمریکا، بەریتانیا، رووسیا تا بزانن لە مێژووی رۆژگاری لەشکرکێشی و داگیرکاریدا بەرامبەر بە کورد و کوردستان چ زانیارییێکیان کۆکردۆتەوە و پاراستوویانە، بەڵام ئەوەندەی تا ئێستا ساغ بۆتەوە و کنە و پشکنینی بۆ کراوە ئەرشیفخانەکەی بەریتانیا دەوڵەمەنترینیانە بۆ کوردستانی باشوور، دیارە هۆکاری هەرە سەرەکی ئەوەیە کە ئەم پارچەیەی کوردستان بەر ئەو وڵاتە کەوتووە بە تایبەتیش لە رۆژگاری ئینتیداب و پاشایەتیدا.

ئەگەرچی سنووری کارکردنی ئەم بابەتە پەیوەندیدارە بە کوردستانی باشوور، بەڵام لە هەندێك بەڵگەنامەدا زانیارییەکان تێکەڵاو کراون، بۆیە لە چەند شوێنێکی باسەکەماندا هەست بە پەڕینەوە بۆ پارچەکانی تری کوردستان دەکرێت.

بۆ نووسینی ئەم بابەتە زیاتر لە بیست کتێبم لە بەڵگەنامە نهێنییەکان (رەسمییەکان)ی بەریتانیا تایبەت بە کورد و کوردستان خوێندەوە، کە زۆربەیان لە زمانی ئینگلیزی وەرگێڕدرابوون، ئەوەی کێشەی سەرەکی بوو بۆ ئەم باسە زۆربەی کتێبە وەرگێڕدراوەکان لەگەڵ دەقی وەرگێڕدراوە کوردییەکەدا ئۆرجیناڵە ئینگلیزییەکەیان نەخستۆتە دووتوێی کتێبەکانیان، ئەم جۆرە کارانە بۆ خوێنەر و توێژەران جۆرێك لە گومان بەرامبەر بە زانیارییەکانی نێو بەڵگەنامەکان درووست دەکات، یاخود وەرگێڕانەکە دەخاتە ژێر پرسیارەوە، چونکە خودی زانیارییەکان ئەوەندەی جێ سەرنجن مەگەر توێژەران دەقە ئۆرجیناڵەکە ببینن، ئینجا قەناعەت بە زانیارییەکان بکەن، نەخوازەڵڵا ئەگەر بەڵگەنامەیەك لە دوو کتێبی جیاواز بڵاوکرابێتەوە، بەڵام دەقی وەرگێڕانەکان لە یەکتر نەچن!

هەندێك لە بەڵگەنامەکان زمانی وەرگێرانیان باش نیە و توێژەر ماندوو دەکەن، ئەمە و کۆمەڵێك بەلگەنامە وەرگێڕدراون لە چەند شوێنێك دووبارە و چەند بارە کراونەتەوە، وەك دەردەکەوێت وەرگێڕەکان ئاگاداری بەرهەمی یەکترنین، ئەمەش هەم بە



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

فیرۆ دانی کاتە، هەم ئەگەر وەرگێڕانەکان لە یەك نەچن و ئۆرجینالەکەش بەردەست نەبێت، توێژەر دۆش دامێنێت و سوود لە بەڵگەنامەی لەوجۆرە نابینێت، چونکە بوونی جیاوازی لە وەرگێڕاندا گومان دەخاتە سەر زانیارییەکانی دووتوێی بەڵگەنامەکان.

بۆ کارێکی لەمجۆرە باشترین میتۆد وەسف- شیتەڵکارییە. ئێمەش لەم توێژینەوەیەدا سەرەتا ئاماژەمان بە کۆمەڵێك بەڵگەنامە داوە کە سەرچاوەی سەرەکی ئەم باسەن، پاشان شیتەڵکاریمان بۆ زانیارییەکان کردووە و لە کۆتایشدا پنتی سەرەکی زانیارییەکانمان بە گوێرەی پێویست لەگەڵ کۆمەڵێك سەرچاوەی تر بەراورد کردووە.

هەر لەسەر ئەو پێودانگە، باسەکەمان دابەشی سێ بەش کردووە، لە بەشی یەکەمدا، پێناسە و سەرچاوەی گرنگ و پێگەی بەڵگەنامەمان باسکردووە، ئایا تا چەند توێژەران دەتوانن پشت بەو جۆرە بەڵگەنامە ببەستن کە لە ئەرشیفخانەکانی جیهان پارێزراون؟ ئینجا ئاماژە بە کارەکانی نووسەر و وەرگێڕانی کورد دەدەین کە لەو بوارەدا پێشکەش بە کتێبخانەی کوردییان کردووە. لە بەشی دووەمدا ئەو بەڵگەنامانە خراوەنەتەڕوو کە پەیوەستن بە مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی ( خوێندراو، بیستراو)، هەروەها رۆژنامەنووس و هەردوو جۆری رۆژنامە ( ئاشکراو نهێنی) دوو سەرناوی ترن لە باسەکەدا، بۆ دڵنیایی لە زانیارییەکان بەراورد بە چەند سەرچاوەیەکی تر کراوە،بەڵام لە بەشی سێیەمدا ئاماژەمان بە ناوەڕۆکی کۆمەڵێك رۆژنامە و گۆڤار کراوە کە بۆچی بەریتانییەکان زانیاریان سەبارەت بە فکری کۆمۆنیستی و رەوت و حزبە سەربەخۆخوازەکان کۆکردۆتەوە! هەر لەم بەشەدا باس لە شێوەی کارکردنی بەریتانییەکان کراوە ئایا زیاتر کاریان لەسەر چ رۆژنامە و گۆڤار و بلاوکراوەیەك کردووە، بۆچی زیاتر هەڵوەستەیان لەسەر چەند ناوێك کردووە و زانیاری وردیان کۆکردۆتەوە. لە کۆتایشداپێش ریزبەندکردنی سەرچاوەکان، ئەنجامی باسەکە نووسراوە.

## بەشی یەکەم: بەڵگەنامە و قۆناغەکە!

### بەڵگەنامە و بەهای بەڵگەنامە

لە چەندان سەرچاوە و کاری ئەرشیڤیدا پێناسەی بەڵگەنامە کراوە، ئێمە ئەم پێناسەیە بە گونجاوترینیان دەزانین"بەڵگەنامەکەرەستەیەکی خاوی یەکجار گرنگ و یارمەتی دەرێکی کاریگەرە بۆ کاری نووسین و لێکدانەوە و رەخنەگرتن و هەروەها دیاریکردنی کات و ساتی مێژوویی و پاشان شەن و کەوکردن و بەراوردکردنیان لەگەڵ هەموو ئەو وتە و گەواهییانەی کە بە شێوازێکی زارەکی دەوترێنەوە زۆرجاریش بە زانستی دیبلۆماتیك ناوبراوە و شیکردنەوەی بۆ کراوە. کارکردن لەسەر بەڵگەنامە ئەگەر بە شێوەیەکی زانستی کاریان لەسەر بکرێت وەك زانستێك یارمەتی دەرێکی پێویستە بۆ مێژوونووسان و هاوکات وەك سەرچاوەیەك لە کاری نووسین و بەدواداچوونی مێژوویی هاوچەرخدا، ئەمەش زۆر راستی و دروستی نهێنی و شاراوەو زۆر لایەنی پڕ لە گرێ و گۆڵ و ئاڵۆزمان بۆ راست و روونتر دەکاتەوە(١)".

بەڵگەنامە ئەو کاغەزەیە کە زانیاری راستەوخۆ یاخود ناڕاستەوخۆی تێدایە و دەستخەتە یاخود تایپکراوە، یان چاپکراوە، هەروەها وێنە، نەخشە، تۆماری دەنگ و ڤیدیۆش بەڵگەنامەن،بۆئەوەی ئەمانە وەك بەڵگەنامە بدرێنە قەڵەم پێویستە تەمەنی لە سی ساڵ کەمتر نەبێت. بەڵگەنامەی مێژوویی هەر تەنیا بەڵگەنامەی سیاسی ناگرێتەوە، بەڵکو بەڵگەنامەی تریش هەن وەك؛ کۆمەڵایەتی و رۆشنبیری و ئابووری و ... هتد. جۆرەها بەڵگەنامە هەیە، وەك؛ بڕیارو رێنمایی، پەخشنامە، ئاڕاستەکردن، سیستەم، رێککەوتن، گرێبەست، زانیاری کۆکردنەوە، مەرسوم ئەمانە زیاتر دەچنە خانەی بەڵگەنامەی حکومی و دەوڵەتی. جۆری تریش هەیە پەیوەستە بە رێکخراو و دامودەزگای گشتی و تایبەتی، یاخود تاکەکەسی، کە بڕیار دەدرێت هەڵبگیرێن، لەباری باوەڕپێهێنان و نەبوونی گومان لەسەر بەڵگەنامەدا، بەڵگەنامەی رەسمی ناتوانرێت بە گومانەوە سەیری بکرێت، بەڵام ئەگەر رەسمی نەبوون، پێویستە لێیبکۆڵدرێتەوە، لەنێو بەڵگەنامە رەسمییەکاندا بەڵگەنامە دیبلۆماتییەکان لە هەموو جۆرەکانی تر جێگای بایەخن.

ئەمە و بەڵگەنامەی مێژوویی سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراوە بۆ نووسینەوەی مێژوو و توێژینەوەی زانستی بە تایبەتیش ئەگەر زنجیرەی رووداوەکان بە شێوەیەکی زانستی و ورد پۆلێن کرابن. توێژەرەوانی بواری بەڵگەنامەی مێژووییبەڵگەنامەیان بەسەر ئەم جۆرانەدا دابەش کردووە:



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

* دەقەکان؛ واتە ئەو دەق و نووسینانەی خاوەنەکانیان دیارە، وەك بیرەوەری و یاداشت و نامە و رۆژژمێری رۆژانە.
* سەرژمێری؛ تەواوی ئەو ژمارە و سەرژمێریانە دەگرێتەوە کە لە بەڵگەنامە تایبەتییەکانی دەوڵەت و رێکخراو و حزبەکان و لایەنی تر دەیپارێزن.
* هێلکارییە بەیانییەکان؛ ئەو باس و بابەتانە دەگرێتەوە کە شارەزا و پسپۆرانی دەوڵەت لە بواری سیاسی، سەربازی، کۆمەڵایەتی و ئابووری کاری لەسەر دەکەن و ئامادەی دەکەن و پاشان دەیانپارێزان.
* نەخشەکان؛ ئەو نەخشە و هێڵ و هێلکارییانە دەگرێتەوە کە لە کۆنەوە وڵاتان لە بوارەکانی سەربازی، ئابووری و کۆمەڵایەتی و .. هتد کێشاویانە.
* وێنەکان؛ دەکرێت کەسێك وێنای چەندان کەس بکات، یاخود وێنای گشت بکات، وەك وێنەی پاشا و سەرۆکی وڵاتان(٢).

زۆرجار ئەم دێرە دووبارە و سەد بارە کراوەتەوە مێژوو بە بێ بەڵگەنامە نابێت، ئەگەر سادەتر لەمە بڕوانین کەواتە؛ مێژوو بە بێ بوونی بەڵگەنامە نانووسرێتەوە، بوستەر پێی وایە توێژینەوە لە بەڵگەنامە و پاراستنیان پەیوەستە بە هەستی نیشتمانی، بەڵگەنامە یەکێکە لە سەرچاوە گرنگەکانی مێژوو بۆ هەر کۆمەڵگایەك یاخود بەشێك لە کۆمەڵگا، لە کاتێکدا باشتر گرنگی بەڵگەنامە بەدیار دەکەوێت، کە کۆمەڵێك بەڵگەنامەپەیوەندیدار بن بە یەك بابەت، بۆ قۆناغێکی مێژوویی، یاخود بوارێکی سنووردار، بە گوێرەی ئەو لێکۆڵینەوانە زانستیانەی لە بواری بەڵگەنامەدا کراون، وەك چۆن مێژوو بەسەر چەندان قۆناغدا دابەشکراوە بە هەمان شێوە بەڵگەنامەش بەسەر ئەم قۆناغانەدا پۆلێن کراوە؛ پێش مێژوو، مێژووی کۆن، مێژووی ناوەڕاست، مێژووی نوێ، مێژووی هاوچەرخ. بەڵگەنامە بەسەر ئەم جۆرانەدا دابەشکراون؛ دەق، سەرژمێریی، وێنە و نیگار، نەخشە. هەر یەکێك لەو قۆناغ و جۆرانە خاوەنی خاسیەت و تایبەتمەندی خۆیەتی، زیاتریش پەیوەندیدارن بە پێشکەوتن و جیهانی تەکنۆلۆجیا و ئەو کەرەستانەی بەکاردەهێنرێن.

## لەو بوارەدا کورد چی پێشکەش بە کتێبخانەکەی کردووە؟

نەبوونی قەوارەیەکی سەربەخۆ و هەروەها سیستەمێکی کارگێڕیی بەڕێوەبردن، یاخود دەزگایەکی حکومیتاییەت بە ئەرشیف و بەڵگەنامە(٣)، هەروەها نەبوونی هوشیاریی نەتەوەیی و دامەزراوەیی، هۆکاری سەرەکیین بۆ کۆنەکردنەوەی بەڵگەنامەو پاراستنیان. کتێبخانەی کوردی تا چەند ساڵێکیش لەمەوبەر ئاشنا نەبوو بە ئەرشیف و کتێبخانە و


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

ئەو مەڵبەند و بنکانە کەلە جیهاندا کە بەڵگەنامە و نووسراو و نووسین و چاپەمەنی دەپارێزن و ئەرشیف دەکەن، نەخوازەڵلا ئەو راپۆرت و نووسراوانەی کە تایبەتن بە کورد و کوردستان، بە تایبەتیش ئەو وڵاتە زلهێزانەی کە خاکی کوردستانیان بەسەر خۆیان دابەشکردووە، یاخود بە هەر جۆرێك بووبێت زانیارییان سەبارەت بە کوردستان کۆکردۆتەوە پاراستووە.

کارکردن و سوودمەند بوون لە ئەرشیڤخانەی وڵاتان، پێویستی بە زانیاری هەیە سەبارەت بە سەردان و سوود وەرگرتن لەو بەڵگەنامانەی کە تایبەتن بە کورد و کوردستان، یاسای زۆربەی وڵاتانی پێشکەوتوو بیست و پێنج تا سی ساڵی بۆ قەدەغەیی بەڵگەنامە داناوە، واتە بەمەبەستی سوود وەرگرتن و لەبەرگرتنەوە و توێژینەوە، دەبێت تەمەنی بەڵگەنامەکان لە بیست و پێنج یاخود سی ساڵ کەمتر نەبێت.

ئەوەی لەم بابەتەدا کاری لەسەر کراوە بەڵگەنامە رەسمییەکانی بەریتانیایە، هەربۆیە هەر قسەوباسێك بکەین لەو چوارچێوەیەدا دەرناچێت. لەماوەی ١٠ ساڵی رابردوودا کۆمەڵێك کتێب چاپ و بڵاوکراونەتەوە، کە تایبەتن بە کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە رەسمییەکانی بەریتانیادا. کتێبەکان سێ جۆرن؛

**جۆری یەکەم**؛ کتێبی وەرگێڕدراون، وەك ئەو پرۆژەیەی کە دەزگای دوارۆژ دەستی پێ کردووە بە وەرگێڕانی هەر ١٣ بەرگەکەی زانکۆی کامبێرج لە بەریتانیا کە تایبەتن بە کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە رەسمییەکانی حکومەتی بەریتانیادا. هەروەها کتێبی وەرگێڕدراوی تریش هەن.

**جۆری دووەم**؛ئەو کتێبانەن کە توێژەرانی کورد خۆیان سەردانی مەڵبەندی پاراستنی بەڵگەنامەیان لە بەریتانیا کردووە، لەو بوارەدا دەکرێت ئاماژە بە کارەکانی د. وەلید حەمدی و د. کەمال مەزهەر ئەحمەد و د. نەجات عەبدوڵلا بدەین، هەروەها نووسەرانی تریش سەردانی ئەو مەڵبەندەیان کردووە.

**جۆری سێیەم**؛ ئەو توێژەرانەن بۆ کارە ئەکادیمییەکانیان سوودیان لە چەندان بەڵگەنامە بینووە کە پێشتر لێرە لە کوردستان ئەو بەڵگەنامانە نەبینراون.

ئەمەو وەك چۆن نەتەوەی کورد هەڕەشەی جینۆساید و راگواستنی لەسەر بووە و تا ئیستاش هەڕەشەکان ماون، ئەو هەڕەشانە رووبەرووی کولتور و بەڵگەنامەکانیشی کراوە، بۆ دەرباز بوون لەو رەوشە باشترین میکانیزم کە دەکراو بە داخەوە جێ پلانی بۆ دانەندرا و نەکرا، ئەویش کردنەوەی گەورەترین سەنتەری پاراستنی بەڵگەنامە و ئەدەبیات و چاپەمەنی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

و رۆژنامەگەریی کوردی (خوێندراو، بیستراو، بینراو) بووە لە دەرەوەی کوردستان بە تایبەتیش لە یەکێك لە وڵاتانی ئەوروپا.[٤]

هەروەها نابێت هەوڵ و پلان و کارکردن و بەرهەمی چەندان دەزگا و رێکخراو و دەزگای رەسمی نادیدە بگرین و فەرامۆش بکەین، بە تایبەتیش ئەو سەنتەرانەی کە لە چەند زانکۆیەکی کوردستان بۆ هەمان مەبەست کراونەتەوە. بەڵام راستییێك هەیە ناکرێت باس نەکریت، هیچ یەکێك لەو شوێنانە سەردانی ئەرشیفخانە گەورەکانی جیهانیان نەکردووە بەمەبەستی سۆراغکردن و کۆکردنەوەی ئەو بەڵگەنامانەی کە تایبەتن بە کورد و کوردستان، ئەگەر ئەو سەردانەشیان کردبێت، کوا بەرهەمی چاپکراویان یاخود بە دیجیتاڵکردنی بەرهەمەکانیان، کە لەو سەردانانەدا دەستیان کەوتوون؟!

## بۆچی ١٩٤٠ تا ١٩٦٠؟

**ئەو ماوە مێژووییە لەبەر ئەم هۆکارانە وەرگیراوە؛**

١. سەرەتاکانی رەگوریشەی ژیانی رێکخراوەیی سیاسی و ئاشنابوون بە ژیانی حزبایەتی لە کوردستاندا و بە تایبەتیش کوردستانی باشوور.
٢. حزبی شیوعی عیراقی رووی لە کوردستان کردبوو تا پێگەی لێرەش بە هێز بکات.
٣. مارکسییەت دەبێت بە مۆدێلی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست بە کوردستانیشەوە.
٤. فکری نەتەوەیی و مارکسییەت ئاوێتەی یەك دەکرێن وناسنامەیان تێکەڵاو دەبن.
٥. لێکترازان و تێکەڵاوبوونەوە لە ژیانی حزبایەتی کوردی.
٦. پارتی دیموکراتی کورد "پارتی دیموکراتی کوردستان/ عیراق" دادەمەزرێت، دوای حەوت ساڵ لە دامەزراندنی بەهۆی ململانێی فکری رووبەڕووی لێکترازان دەبێتەوە.
٧. بەریتانیا دەست بەسەر جومگەکانی ژیان لە کوردستاندا دادەگرێت.
٨. کاریگەرییەکانی جەنگی دووەمینی جیهان.
٩. ئەو ئاووهەوایەی دەسەڵاتدارێتی پاشایی پێی دەنازی، کوردستانی لێ بێ بەش بووە. بە تایبەتیش لە سەرەتای چلەکان تا روخانی دەسەڵاتی پاشایەتی.
١٠. عەبدولکەریم قاسم دەسەڵاتدارێتی پاشایەتی دەرووخێنێت و شیوعییەکان لێی نزیك دەبنەوە.
١١. عەبدولکەریم قاسم دوو ساڵ بەئارامی لەسەر کورسی دەسەڵات دانانیشێت، وەك میللیتاریستێك روو لە کوردستان و ئازادی رۆژنامەگەریی دەکات. شەڕێکی ماڵوێرانکەر بەرپا دەکات و سنوورێك بۆ رۆژنامە و گۆڤارەکان دادەنێت.
١٢. بوونی دوو دەسەڵاتی جیاواز، پاشایەتی و کۆماری.


Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆلینێن کوردی

## ئەرشیڤی نەتەوەیی بەریتانیا

وڵاتە زلهێزەکان لە چەندان بوار و کردەوە و بەرهەمدا پێشەنگ و سەرمەشقن. وەك بەشێکن لە پێداویستییەکانی عەقڵی داگیرکاری و کۆنترۆڵکردنی خاك و زەوی لە کیشوەرە جیاوازەکاندا، هەمیشە پێویستیان بە کۆکردنەوە و بەدواداچوون و پاراستن و پۆلێنکردنی زانیاری لەمەڕ خاك و نەتەوەکانی جیهان هەبووە، بۆ ئەو مەبەستە بە گوێرەی نەخشەو پلانێکی زانستی و ورد پارێزگارییان لە زانیارییە بەدەستهاتووەکان کردووە و دامودەزگای تایبەتیان بۆی دامەزراندووە.

بەریتانییەکان لەو رووەوە کاری زۆریان کردووە و بە ملیارەها بەڵگەنامەیان لەسەر نەتەوە و وڵاتان کۆکردۆتەوە و لە فەرمانگەیەکی تایبەت و پسپۆر هەڵیانگرتوون" ساڵی ١٨٣٨ بە پێی فەرمانێکی باڵای میریی، دەزگایەکی سەربەخۆ بەناوی Record OfficePublic ( دایەرەی فایلە گشتییەکان- دائرة السجلات العامة)ەوە لە لەندەن دامەزرێنرا کە لە ساڵی ٢٠٠٣ ناوەکەی گۆڕدرا بە The National Archive(ئەرشیڤی نەتەوەیی)، هەر ئەو ساڵەیش مەڵبەندی دەزگای ناوبراو لە ناوەڕاستی شارەوە گوێزرایەوە شوێنێکی دڵگیر و هێمنی قەراغ شار"[٥]. توێژەر زانیاری تر سەبارەت  بە ئەرشیڤی ناوبراو نووسیوە: "لەم دەزگایەدا چەندان ملیار بەڵگەنامە و دەستنووس و راپۆرت و نامەی دیپلۆماسی و بڕیاری دادگا بەرزەکان و نەخشەی وڵاتان و وێنەی رابەران و کتێبی دانسقە و دەگمەن بە شێوازێکی زانستی هەڵگیراون، بە تەنها ژمارەی فایل و ئەو پاکەتە گەورانەی بەڵگەنامەکانیان تێدا پارێزراوە، نزیکەی دە ملیۆنە، گەلێك لەو فایلانە لە چەند بەشێك پێکهاتوون، هەر فایلە و هەر پاکەتەی سەدان بەڵگەنامەیان تێدایە"[٦]. لە ئەرشیڤی ناوبراودا بەڵگەنامەی تێدایە تەمەنی هەزار ساڵە، ئەو ئەرشیڤە پێشتر چوار دەزگای یاخود رێکخراوی جیاواز بووە؛ نووسینگەی فایلە گشتییەکانPRO، کۆمیتەی دەستنووسە مێژووییەکان، نووسینگەی زانیاری ڤیتاعی گشتیOPSIنووسینگەی قرتاسیەی پاشایەتی.کورتکراوەی ئەرشیڤی نەتەوەیی بەریتانی بەمجۆرەیە TNA[٧]

## بەریتانیا لە کوردستان دا

دوای دۆڕانی ئیمپراتۆری ئوسمانی لە شەڕی جیهانی یەکەم ١٩١٤ تا ١٩١٨ هێزەکانی بریتانیا ویلایەتی مووسڵی ئیمپراتۆری ئوسمانیان کە ویلایەتێکی دەوڵەمەندی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

نەوتی بوو داگیر کرد و ئەو ناوچانەی کە زۆربەی خەڵکی کوردی تێدا نیشتەجێ بوون خرایە ژێر حوکمی بریتانیا. دواتر و لە ساڵی ١٩١٩ ویلایەتی مووسڵ لکێنرایەوە بە دەوڵەتی نوێ ی عیراق، کە چووبووە ژێر حوکمی ئینتدابی بریتانیاوە. لە ساڵی ١٩٢٠ پەیمانی سیڤەر" بەریتانیا دوو پرۆژەی پێشکەشکرد و بڕیار لەسەر پرۆژەکەی کیرزنی وەزیری دەرەوەی بەریتانیا درا، کە لە سێ بەند پێکهاتبوو و لە پەیمانی سیڤەر بەو ژمارانە ٦٢، ٦٣، ٦٤ تۆمار کرابوون، کە بە کورتی جەخت لەسەر دانانی قەوارەیەکی قەوارەیەکی کوردی خاوەن خود موختاری دەکات بە مەرجێك توركیا پێش وەخت پەسندی کردبا، هەروەها مافی کوردی بۆ سەربەخۆیی تێدابوو، کوردەکانی ناو ولایەتی موسڵیش هەقیان هەبوو داوا بکەن کە بچنە پاڵ ئەو قەوارە کوردییەی دوارۆژ[٨]" لە لایەن حکوومەتی ئوسمانی ئیمزا کرا، کە دەوڵەتێکی کوردی دادەمەزراند کە قابیلی ئەوەبوو لە لایەن کۆمەڵی گەلانەوە پەسەند بکرێت. ماددەی ٦٤ ی پەیماننامەکە مافی دەدا بەو کوردانەی کە لە ویلایەتی مووسڵ دەژیان ببن بە بەشێك لە دەوڵەتی داهاتووی کوردستان، کە لە باکووری کوردستان دادەمەزرێت، بەڵام پەیمانی سیڤەر سەری نەگرت و دواتر رێککەوتننامەی لۆزان مۆرکرا،ئەم رێککەوتنە لە (٢٤ی تەموزی ١٩٢٣ز) لە شاری لۆزانی سویسرا لە نێوان دەوڵەتانی (بەریتانیا، فەرەنسا، ئیتاڵیا، ژاپۆن، یۆنان، رۆمانیا، سربیا، کرواتیا، سلڤانیا، تورکیا) بۆ ناسینی دەوڵەتی نوێی تورکیا و پیاچوونەوە بە پەیمانی سێڤەردا بووە، لەم رێککەوتنامەیەدا بە تەواوی مافی گەلی کورد فەرامۆشکران و بە هیچ شێوەیەك ئاماژە بە هەر سێ بەندی ٦٢، ٦٣، ٦٤ نەکراوە و کێشەی کوردستان ناوی نەهاتووە، دوای ئەم رێککەوتنامەیە ئەمیر فەیسەڵ کرا بە پاشای عێراق و ویلایەتی مووسڵ و پلانی دەوڵەتی کوردستان هەڵوەشایەوە.هەر لەو ماوەیەدا شێخ مەحموودی نەمر حکومەتێکی لە کوردستانی باشوور راگەیاند، بەڵام پێگە و ململانێی نێوان هێزەکان تەمەنی درێژیان پێ نەبەخشی. چەندانجار دژی بەریتانییەکان وەستاوەتەوە و یاخی بووە باشترین نموونە شەڕی دەربەندی بازیانە.

ئەمەش کورتەی رۆژژمێری رووداوەکانە[٩]؛

١٩٢٤سلێمانی کەوتە ژێر دەستەڵات و هێزی بەریتانیاوە.

١٩٣٢راپەرین لە دەڤەری بارزان وەك نارەزاییێك لە دژی ئەندام بوونی عێراق لە کۆمەڵەی گەلان، لە کاتێکدا کە داخوازییەکانی کورد بۆ ئۆتۆنۆمی پشتگوێ خرا.

١٩٤٣ مەلا موستەفا بارزانی سەرکردایەتی راپەرینێکی کرد بۆ کۆنترۆلی ناوچەیەکی بەرفراوانی هەولێر و بادینان.

١٩٤٦هێزە ئاسمانییەکانی بەریتانیا بۆردوومانی ئەو پێشمەرگانەی کرد کە دەپەڕینەوە نێو سنووری ئێران بۆ پەیوەندی کردن و یەکگرتنەوە لەگەڵ کوردەکانی ئێران بە سەرکرایەتی قازی محەممەد کە کۆماری مەهابادی سەربەخۆی لە مەهاباد دامەزراند. ١٩٥٨رووخاندنی دەسەڵاتی پادشایەتی عێراق رێگەی خۆشکرد بۆ کوردە نەتەوەییەکان کە بە ئاشکرا خۆیان رێکبخەنەوە دوای چەندین ساڵ خۆحەشاردان و خەباتی نهێنی.

١٩٦١مۆڵەتی رەسمیپارتی دیموکراتی کوردستان لەلایەن حکوومەتی عێراقەوە هەڵوەشینرایەوە ئەویش دوای تێکچوونی پەیوەندی کورد و عەبدولکەریم قاسم.

ئەمەو "لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەی زاینی بەریتانیا گرنگی بە کوردستان داوە، واتە پێشئەوەی ئەڵمانییەکان گرنگی پێ بدەن، ئەمەش لە رێگای گەشتیار و زانا بەریتانییەکان بووە کە سەردانی کوردستانیان کردووە و سووڕاونەتەوە بۆ توێژینەوە و پشکنین کنە و بازرگانی و سیخوڕی بۆ وڵاتەکەیان[١٠]".

## بەشی دووەم: مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی لە بەڵگەنامەکاندا

### رۆژنامەگەریی بیستراو

رۆژنامە هەر تەنیا رۆژنامەی کاغەزیی نیە، بەڵکو بۆ ئەم سێ جۆرە دابەشکراوە؛ (خوێندراو، بیستراو، بینراو)، رۆژنامەی بیستراو، یاخود رۆژنامەی رادیۆیی یەکێکە لە رۆژنامە خێرا و کەم مەسروف و سەرچاوەیەکی کاریگەریی پڕوپاگەندە و پەخشکردن و گەیاندنی خێرای رووداوەکانە.

لەو هەزارانەی لاپەڕەیەی کە بەریتانییەکان لە ئەرشیفی وڵاتەکەیان سەبارەت بە کورد و کوردستان ئەرشیفیان کردووە و پاراستوویانە بەدواداچوون و تۆمارکردن و ئەرشیفکردنی بەرنامەکانی ئێستگە رادیۆ کوردییەکانیشیانکردووە.

لە یەکێك لە فایلە رەسمییەکانی حکومەتی بەریتانیادا پوختەی بەرنامەکانی رۆژی ١٩٦٨/١٢/١٦ی رادیۆی دەنگی کوردستانی[١١] عیراقیان پاراستووە، هەروەها بەرنامەی رۆژانی داهاتووشیان پاراستووە، بۆ نموونە ماوەی بەرنامەی عەرەبی رۆژی ١٩٦٩/١٠/١٥ ئەرشیف کراوە[١٢].

ئەمەو راپۆرتیان سەبارەت بەو کەلوپەلە رووسیانەش کۆکردۆتەوە کە پێشکەش بە خەڵکیان کردووە، لە راپۆرتێکدا ئاماژەیان بە ئامێری رادیۆ داوە کە رووسەکان پێشکەش بە کوردییان کردووە و لە راپۆرتەکەدا هاتووە " لە مانگی یازدەی ساڵی ١٩٤١



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

رووسەکان ٨٠ کوردی هەرێمی مەهابادیان برد بۆ باکۆ، لە گەڕانەوەدا بە باربوو و پیتاکی وەك رادیۆ، زین، دەمانچەو بە تایبەتی قەند ناردییانەوە[١٣]". لە راپۆرتێکی تردا کە رۆژی ١٩٥١/٤/٦ تۆمارکراوە، باس لە کردنەوەی رادیۆیەکی کوردی لە تاران دەکات[١٤]. بەریتانییەکان بە وردی لە هەموو گۆشەکانی جیهانەوە زانیارییان کۆکردۆتەوە، بە تایبەتیش جموجۆلی سۆڤیەتییەکان( رووسەکان) لە رۆژهەلاتی ناوین و خۆ نزیك کردنەوەیان لە نەتەوەی کورد و خاکی کوردستاندا، بە جۆرێك بەداوی کۆکردنەوەی زانیاریی کەوتوون تا باس لە رادیۆیەك دەکەن کە بەرنامەکانی وەستاوە "پرۆگرامی رادیۆیی سۆڤیەت بە زمانی کوردی لە مانگی هەشتی ١٩٥٣وەستێنرا[١٥]. هەروەها لە دوا بەشی شانزدەمینی فایلی ژمارە ١٤٠٦٨٢/٣٧١ی وەزارەتی هەندەرانی بەریتانیا ئەم زانیارییە دەگوازمەوە"دوا بەڵگەی هەوڵە بەردەوامەکانی سۆڤیەتەکان لە بواری بەرەو پێشبردنی ژیانی رووناکبیریی کوردی سۆڤیەت لەسەر زاری رۆژنامەی ( کۆمۆنیست)ی سۆڤیەتییەوە هاتووە کە دەڵێ ئەم کارە بە شێوازێکی تایبەتی لەبەر خاتری کوردی ئەودیو سنووری سۆڤیەتەوە بایەخی پێ دراوە، ئەوانەی زۆربەیان لە تورکیا و سوریا و ئێران و عیراق دەژین، وەرچەرخانی نوێ لەو بوارەدا بلاوکردنەوەی رۆژنامەی ( رێیا تازە)یە لە یەرێڤانی پایتەختی ئەرمەنستانی سۆڤیەتی، وێڕای پەخشی ئیزگەیەك بە زوبانی کوردی[١٦]. وەك دەردەکەوێت ئەو زانیاریەیان لە رۆژنامەیەکی سۆڤیەتی وەرگرتووە.

ئەمەو بابەتێکیان سەبارەت بە یەکێك لە ژمارەکانی رۆژنامەی" ئازادی[١٧]" تۆمار کردووە و باس لە ئێستگەی رادیۆی کۆمەڵێك وڵات و کاریگەرییەکانیان دەکات" رۆژنامەی (ئازادی)ی کوردی نووسیویە دەڵێ: کرێکارانی عیراق بە درێژایی رژێمی پێشوو چەوسێنرانەوە، بەڵام شۆڕشی چواردەی گەلاوێژ رادەی بۆ ئەو چەوسانەوەیە دانا، بەرانبەر بەوە هەرچۆن بێ ئیمپریالییەکان هەوڵ دەدەن ئێمە لە کۆمۆنیزم بتۆقێنن و ئیزگە داردەستەکانیان، وەك ئیزگەکانی تاران و قاهیرە و تەل ئەبیب دەیانەوێ دەستمان لە رێبازی دیموکراسی پێ هەڵبگرن[١٨]". هەروەها لە شوێنێکی تردا ئاماژە بە ئێستگەیەکی رادیۆیی تودەکانی ئێران دراوە و ئێمە لەلای خۆمانەوە ئەو زانیارییە بە زانیاریی تازە لە قەڵەم دەدەین" لە فایلی ژمارە ١٧٠٤٣٣/٣٧١ باس لە ئیزگەی پەیکی ئێران دەکات کە بە زمانی کوردیش پەخشی هەبووە" پەیکی ئێران ئیزگەیەکی نهێنیی بوو، پرۆگرامەکانی بە فارسی و ئازەری و کوردی لە ئەڵمانیای رۆژهەلاتەوە پەخش دەکرد، دەقی وتارەکەی پەیکی ئێران بە زمانی کوردیی بووە، بەڵام لە فایلەکەدا وەرگێڕانەکەی بە ئینگلیزی هەڵگیراوە[١٩]". مەبەست لەو وتارەیە کە ئێزگەی ناوبراو دەربارەی رووداوەکانی رۆژانی یەکەمی دوای کودێتای هەشتی شوباتی ١٩٦٣ بلاویکردۆتەوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

## رۆژنامەگەریی خوێندراو

ئەوسا رۆژنامەی خوێندراو زۆرترین و گەورەترین پانتایی بۆ خۆی بردبوو، ئەوە لە حاڵێکدا ئەگەر بە پانتایی رۆژنامەگەریی بیستراو بەراورد بکرێت، چونکە هیچ یەکێك لە ئێستگە رادیۆییەکان پەخشی بەردەوامیان لە شەوورۆژێکدا نەبووە، بەڵام کاریگەرییان لە رۆژنامەگەریی خوێندراو زیاتر بووە. لە دووتوێی فایلە پارێزراوەکانی بەریتانیادا زیاتر گرنگی بە پاراستنی رۆژنامەی خوێندراو داوە.

لە چەندان راپۆرت و نامەی رەسمیدا بەریتانییەکان ناوی چەندان رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی کوردییان هێناوە و ئاماژەشیان بە ناوەڕۆك و ئامانج و ئاڕاستەی کارکردنیان داوە. لەم راپۆرتەدا کە رۆژی ١٣/٩/١٩٤٤ی لەسەرە، ئەم بابەتە باسکراوە:"رۆژنامەیەکی کوردی کە دەگووترێ بە نهێنی بڵاودەبێتەوە، قازی محەمەد لە چاپی دەدات و بەشداری تێدا هەیە. رۆژنامەکە بە گوێرەی قسەی ئەو پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان دەکات و لەوە دەچێ وتاری لەسەر کۆمۆنیزمیشی تێدا بنووسرێ" بۆ ناوی ئەو رۆژنامەیە وەرگێڕی کتێبەکە لە پەراوێزی هەمان لاپەرەدا دەنووسێت؛ دەبێ گۆڤاری نیشتمان ئۆرگانی کۆمەڵەی ژێ. کاف بێت[٢٠]". لە چەندان بەڵگەنامەی تردا بەریتانییەکان زانیارییان دەربارەی کۆمەڵەی ژێ کاف و گۆڤاری نیشتمان کۆکردۆتەوە.

لە فایلی ژمارە ١٠٤٤/١٨١ باس لە هەڵمەتێکی لە ناکاوی پۆلیس دەکات بۆ سەر ماڵێك کە " چەند ژمارەیەکی القاعدة و چەند لاپەڕەیەك بە زوبانی کوردی کە پێوەندییان بە ( ئازادی)یەوە هەبوو. هەروەها چەند ژمارەیەکی ( رزگاری) و دەسنووسی ژمارەیەك وتار و نامیلکەی هەمەجۆر دۆزرانەوە[٢١]". ئەو هەڵمەتی دەستگیرکردنە بەردەوام بووە بۆ رۆژی سێیەم سێ کەسی تر دەستگیرکراون ورۆڵیان هەبووە لە چاپکردنی رۆژنامەی ئازادی، ئینجا دێتە سەر دوو ئافرەت و لە فایلەکەدا نووسراوە " هەرچی دوو ئافرەتەکەیشە پەیامنێری سەرەکیی حیزب بوون و مووچەی ژمارەیەك لە ئەندامانیان دەگەیاند و کۆپیی ( القاعدة) و ( ئازادی) و نامیلکەکانی حیزبییان دەکرد[٢٢] ". لە میانی ئەو باسەدا باس لە دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد دەکات کە پاشان ناوەکەی بووە بە پارتی دیموکراتی کوردستان-عیراق، ئینجا بە بێ ئەوەی ئاماژەی پێ بدات باس لەو " رزگاری" یە دەکات کە باڵی پێشکەوتخوازی پارتی واتە باڵەکەی هەمزە عەبدوڵڵا دەریکردووە "پارتی دیموکراتی کوردستان رۆژنامەی رزگاری بە نهێنی و بە سەرپەرشتی هەمزە عەبدوڵڵا پەخش دەکات، رزگاری بە رۆنیۆ چاپ دەکرێت و دەڵێن لە شاری سلێمانی ئەو کارە رادەگەیێنرێت[٢٣]". لە هەمان فایلدا باس لە رۆژنامەیەکی تری پارتی دیموکراتی کورد پێش ئەوەی ببێت بە پارتی دیموکراتیکوردستان و لە سەرەتای دامەزراندنیدا دەریکردووە، ئەوان ناوی رۆژنامەکەیان بە

مروق و مارق نووسیوه. د. کەمال مەزهەر سەبارەت بەو ناوە لە پەراوێزی کتێبەکەیدا نووسیویەتی: " تۆ بڵێی مەبەستی مرۆڤ یا دەرچوونی رۆژنامەی خەبات بێت؟" بەڵێ مەبەستیان لە رۆژنامەی (مرۆڤ)ە کە ئەوسا پارتی دەریکردووە، بەڵام ئەو رۆژنامەیەش وەك دەیان رۆژنامە و گۆڤار و بڵاوکراوەی نهێنی تر فەوتاون!

هەر لە فایلە تایبەتییەکەی حزبی شیوعی عیراقی دا باس لە رۆژنامەیەکی تر دەکات کە حزبی ناوبراو بە زمانی کوردی دەریکردووە" کۆمیتەی ناوەندی حیزب لە بریتی الشعلة رۆژنامەی صرخة العمال-ی بە زوبانی عەرەبی و رۆژنامەیەکی دیکەی بە زوبانی کوردی بەناوی بانگی العمال-ەوە لە شاری سلێمانی دەرکرد. یەکەمیان لە لایەن فوئاد بەهجەت-ەوە پەخش دەکرا کە ناوی حیزبی سەلام بوو، دووەمیشیان لە لایەن حەمید عوسمان-ەوە پەخش دەکرا کە ناوی حیزبی سابیر بوو[٢٤]. بۆ دەرکردنی رۆژنامە یاخود بڵاوکراوەیەك بەناوی بانگی العمال بە زمانی کوردی لە هیچ سەرچاوەیەکدا نەمتوانی ئەو زانیارییە پشت راست بکەمەوە!

لە دوا بەشی شازدەمینی فایلی ژمارە ١٤٠٦٨٢/٣٧١ی وەزارەتی هەندەرانی بەریتانیا ئەم زانیارییە دەگوازمەوە، کە تایبەتە بە کوردی سۆڤییەت و نووسیویانە:"وەرچەرخانی نوێ لەو بوارەدا بڵاوکردنەوەی رۆژنامەی ( رێیا تازە)یە[٢٥]".

د. کەمال مەزهەر لەبەرگی دووەمی کتێبەکەیدا چەندان لاپەڕەی بۆ دامەزراندن و خەبات و چالاکییەکانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا ١٩٥٦-١٩٧٥ تەرخانکراوە، بە سوود وەرگرتن لە ئەرشیڤی نەتەوەیی بەریتانیا ئەو مەلەفەی ئامادە کردووە، بەداخەوە لە ١٧ ژمارەی گۆڤاری "کوردستان؛ کە ئۆرگانی کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا بووە تەنیا ژمارە ١٣ی بەرچاو کەوتووە و بە ژمارەیەکی دانسقەی لە قەڵەم داوە، من دڵنیام زۆربەی ژمارەکانی گۆڤاری ناوبراو لە کتێبخانە و ئەرشیڤی وڵاتانی ئەورووپا پارێزراون بە بەڵگەی ئەوەی کە گۆڤارەکە[٢٦] خۆی ئاڕاستەکراو بووە بۆ خوێنەرانی ئینگلیز و ئینگلیززمان و زمانەکانی تری ئەورووپی و ناوەندەکانی بڕیار لە ئەورووپا و ئەمریکادا، ئەمە و دەپرسم بۆچی لە پێشەکی ئەو مەلەفەدا د. کەمال مەزهەر سوودی لەم دوو کتێبە[٢٧] نەبینیووە کە دوو سەرچاوەی دەوڵەمەندن بە سەدان لاپەڕە لە بەڵگەنامە سەبارەت بە کۆمەڵەی ناوبراو تێدا کۆکراونەتەوە.

لە نامەیەکی ای.ف.گ.ماینارد کە ژمارە ٦٣/٢٥٧/١٠١١٤ ی دانداروە و رۆژی ١٩٦٣/١٢/١٤ی لەسەرەو هی باڵیۆزخانەی بەریتانیا لە بەغدایە و لە چەند شوێنێکدا ئاماژە بە رۆژنامەی خەبات[٢٨] دەدات.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

له سەرچاوەیەكی تردا[٢٩] و بە سوود وەرگرتن له بەڵگەنامەكانی حكومەتی بەریتانیدا لەژێر ناونیشانی چاپكراوە كوردییەكان ناوی ئەم گۆڤار و رۆژنامە كوردییانە هاتووە و بەم شێوەیە:

* "هاوار؛ كۆمەڵەی خۆیبوون سەرۆكی كۆمەڵەی (خۆیبوون) جەلادت بەدرخان لە شاری حەلەب دەریدەكرد، تا جەنگی دووەمی جیهان بەردەوام بوو، لە سەردەمی جەنگەكەشدا كۆمەڵە گۆڤارێكی تری بەناوی (رووناكی[٣٠]) دەردەكرد.
* نیشتمان: بۆ یەكەمجار لە ساڵی ١٩٤٣دا كۆمەڵەی (ژیانی كورد) وەك ئۆرگانی كۆمەڵە دەریدەكرد، لە شاری تەورێز بە یارمەتی سۆڤیەت دەردەچوو، لە سلێمانی بلاودەكرایەوە.
* ئازادی: بلاوكراوەیەكی تایبەتی بوو بە شیوعیە كوردەكانەوە، نەدەزانرا لە كوێ دەردەچێت، هەندێ ژمارەی لە سلێمانی بلاوكرایەوە.
* یەكێتی تێكۆشین: بلاوكراوەیەكی بەربلاوی شیوعیە كوردەكان بوو لە بەغدا بلاودەكرایەوە، راپۆرتی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیا دەڵێ: ئەم بلاوكراوەیە پەیوەندی بە رۆژنامەی (وحدة النضال)ی عەرەبی و (رزگاری)ی كوردی و (شۆڕش- الثورة)وە هەبووە.

هەروەها دوو لاپەڕە دواتر سەبارەت بەم رۆژنامەیەیان نووسیوە:" رزگاری كورد: لە بەغدا ساڵی ١٩٤٥ بەدیار كەوت، لایەنگری كوردەكانی ئێران دەكات و داوای مافەكانی كوردی عیراق دەكات... رۆژنامەیەكی بەناوی (رزگاری)یەوە دەردەكرد[٣١]"

## رۆژنامەنووس

لە چەندان فایلی رەسمی حكومەتی بەریتانیادا ناوی چەند كەسایەتییێكی كورد وەك رۆژنامەنووس هاتووە و ئەوەندەی زانیاریمان هەبێت ئەمە یەكەمینجارە بۆ ئەو سەردەمە سیفەتی رۆژنامەنووس بدرێت بە چەند نووسەر یاخود سیاسەتمەدارێكی كورد!

لە بەڵگەنامەی ژمارە E٦١٤٣ ی رۆژی ١٩٢٠/٥/٢٠ باس لە هەڵبژاردنی دەستەی بەڕێوەبردنی"كۆمەڵەی كۆمەلایەتی كوردستان" دەكات و لەو ناوانەی ریز كراون بەرامبەر بە دوو كەسایەتی وەك رۆژنامەنووس ناویان هاتووە، ئەوانیش: شوكری بەگ بابان[٣٢] و ممدوح سەلیم[٣٣].

رۆژی ١٩٣٠/٥/٤، حەڤدە كەسایەتی وەك نوێنەری كورد وەكالەتنامەیەك ئیمزا دەكەن و تۆفیق وەهبی دەكەن بە نوێنەری خۆیان، بەرامبەر هەر یەكێك لە كەسایەتییەكان كارو پیشەیان نووسراوە، بەرامبەر ئەم سێ كەسایەتییە ئاماژە بە ناوی چەند رۆژنامەیەك كراوە؛ مستەفا شەوقی: ئەفسەری خانەنشین، سەركردەی كورد لە سلێمانی، بەڕێوەبەری



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

رۆژنامەی ( پەیژە). سەید حەسەین[٣٤]: سەرنووسەری رۆژنامەی ( زاری کرمانجی) لە رەواندز. عەلی عیرفان: کوڕی عەبدوڵلا عیرفان، سلێمانی، بەڕێوەبەری رۆژنامەی ( ژیان)[٣٥]

لە ناو بەڵگەنامە نهێنییەکانی باڵیۆزخانەی بەریتانیادا لە بەغدا کە مانگی ئەیلولی ساڵی ١٩٦٨ی لەسەر نووسراوە،بابەتێك بەم ناونیشانە هەیە" کورتە ژیاننامەی جەلال تاڵەبانی[٣٦]"، ئەم پەرەگرافە وەردەگرین کە پەیوەستە بە بابەتەکەی ئێمە: "تاڵەبانی، کە هێشتا لە ناوەڕاستی سییەکانی تەمەنیدایە، پارێزەرە و سەرەتا لە دوای شۆڕشی ١٩٥٨ وەك سەرنووسەری [٣٧]( خەبات) رۆژنامەی ( پدك) دەرکەوت. کاتێك شەڕ لەنێوان حکومەتی عێراق و کوردە شۆڕشگێڕەکان لە ساڵی ١٩٦١دا هەڵگیرسا، تاڵەبانی پەیوەندی بە شۆڕشەوە کرد، بەوەش ناوی لە لیستی یەکێتی رۆژنامەگەرانی عێراقیدا سڕدرایەوە. ئەوسا چەند کوردێك ئەندامی یەکێتیی رۆژنامەنووسانی عیراق بوون.

## رۆژنامەگەریی ئاشکرا و رۆژنامەگەریی نهێنی

رۆژنامەگەریی ئاشکرا واتە ئەو بلاوکراوە، گۆڤار و رۆژنامانەی مۆڵەتیان هەیە، بەلام رۆژنامەگەریی نهێنی" بە نهێنی چاپکراوە و بە ئاشکرا بلاوکراوەتەوە، بە ئاشکرا چاپکراوە و بە نهێنی بلاوکراوەتەوە، بە نهێنی چاپکراوە و بە نهێنیش بلاوکراوەتەوە. واتە رۆژنامەگەریی هەر یەکێك لەو رەگەزانەی تێدابێت دەچێتە خانەی رۆژنامەگەریی نهێنییەوە[٣٨]". دوای خەباتی چەکداری خەڵکی کوردستان ناوی تریش بۆ ئەوجۆرە رۆژنامەیە داتاشراوە، کە بە رۆژنامەگەریی پێشمەرگە یاخود رۆژنامەگەریی شاخیش ناوی هاتووە.

لە قۆناغی ناوبراودا،واتە لە ساڵی ١٩٤٠ تا ١٩٦٠ رۆژنامەگەریی کوردی بەسەر هەردوو قۆناغی ئاشکراو نهێنیدا پۆلێن دەکرێت. کە کوردەواری بە ژیانی سیاسی و رێکخراوەیی و حزبیی ئاشنا دەبێت، دەرکردنی بلاوکراوە و گۆڤار و رۆژنامە دەبێت بە کەرەستەیەکی سەرەکی بۆ هۆشیار کردنەوە و هاندان و رێکخستنی کۆمەڵگا، حزبی کوردی تا ساڵی ١٩٥٩ تەواوی بلاوکراوە و گۆڤار و رۆژنامەکانی بە نهێنی چاپ و بلاوکردۆتەوە، بەلام وەنەبێت لەو قۆناغەدا ١٩٤٠-١٩٦٠ کورد بە ئاشکرا رۆژنامە و گۆڤاری ئاشکرا واتە مۆڵەتدار وەرنەگرتبێت! مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی لەو قۆناغەدا پێمان دەڵێت لە پاڵ دەرکردنی رۆژنامەی نهێنی گرنگی بە رۆژنامەی ئاشکراش[٣٩] دراوە.لەنێو فایلە رەسمییەکانی بەریتانیادا زانیاری ورد سەبارەت رۆژنامەگەریی کوردی بە هەردوو جۆرەکەی کۆکراوەتەوە.

لە راپۆرتی هەواڵگری، بەغدا، رۆژی ١٥ی تەموزی ١٩٢٢ لەژێر ژمارە ٦٥٩دا نووسراوە:" مستەفا[٤٠] پاشای کورد کە هێشتا لە سلێمانی نیشتەجێیە داوای مۆڵەتی دەرکردنی



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ فەکۆلینێن کوردی

رۆژنامەیەکی هەفتانەی سەربەخۆی بە سێ زمان کردووە و مۆڵەتەکەی پێ دراوە لەسەر ئەو تێگەیشتنەی کە رۆژنامەکە لەژێر چاودێریی ئەفسەری سیاسیدا دەبێت. مستەفا پاشا هیوای وایە ئەو رۆژنامەیە ببێتە ئامرازێکی پرۆپاگەندە بە درێژایی سنوور. هەروەها مۆڵەتی ئەوەشی پێ دراوە یەکێتییەك دابمەزرێنێت کە ئامانجە سەرەکییەکەی بڵاوکردنەوەی خوێندن و پەرەپێدانی ئاکارە لە کوردستان(٤١)".

لە فایلی ژمارە ١٠٤٤/١٨١ کە سەبارەت بە حزبی شیوعی عیراقی یە، کۆمەڵێك زانیاری یەکجار وردی سەبارەت بە رۆژنامەگەریی کوردی تێدایە. نووسراوە کە لە ساڵی ١٩٤٧ و ١٩٤٨ ئۆرگانە نهێنییەکانی حیزب القاعدة و ئازادی بوو. ئەمەو هەر لەو فایلەدا باس لە هەڵمەتێکی لە ناکاوی پۆلیس دەکات بۆ سەر ماڵێك کە چەند ژمارەیەکی القاعدة و چەند لاپەڕەیەك بە زوبانی کوردی کە پێوەندییان بە ( ئازادی)یەوە هەبوو. هەروەها چەند ژمارەیەکی ( رزگاری(٤٢)) و دەسنووسی ژمارەیەك وتار و نامیلکەی هەمەجۆر دۆزرانەوە. ئەو هەڵمەتی دەستگیرکردنە بەردەوام بووە بۆ رۆژی سێیەم سێ کەسی تر دەستگیرکران، ئەو سێ کەسە وەك زانرا تەنها بەرپرسی خۆنیشاندانەکان نەبوون، بەڵکو هەمان کات رۆڵیشیان لە چاپکردنی رۆژنامەی ( ئازادی)دا بۆ کوردستان هەبوو ئینجا دێتە سەر دوو ئافرەت و لە فایلەکەدا نووسراوە هەرچی دوو ئافرەتەکەیشە پەیامنێری سەرەکیی حیزب بوون و مووچەی ژمارەیەك لە ئەندامانیان دەگەیاند و کۆپیی ( القاعدة) و ( ئازادی) و نامیلکەکانی حیزبییان دەکرد. ئەمەو لە شوێنی تریش دەستنووسی وتار و نووسین بۆ هەردوو رۆژنامەکە دۆزراونەتەوە. هەروەها لە فایلەکەدا چەندان زانیاری تر خراوەتە روو بە تایبەتیش سەبارەت بە لێکترازانەکانی حزبی شیوعی لە عیراق لە ساڵی ١٩٤١ تا ١٩٤٦ بە تایبەتیش هەوڵی کوردە شیوعییەکان بۆ درووسکردنی رێکخراو و حزبی تر وەك یەکێتیی تێکۆشین[٤٣] و شۆڕش و دەرکردنی ئۆرگانەکانیان بە هەمان ناو(٤٤).

## بەشی سێیەم: رۆژنامەگەریی ئاڕاستە کۆمۆنیست و سەربەخۆیی سەرەتا

ئاڕاستەی کارکردن لەپێناوی مەبەست و ئامانجێکە، بەریتانییەکان بەبێ بەرنامەیەکی دیاریکراو زانیارییان کۆنەکردۆتەوە، بە وردبوونەوە لە بەڵگەنامەکان دەردەکەوێت ئەوان ویستویانە دیدگای حزب و رێکخراوە سیاسییەکان بۆ سەربەخۆیی و ئایدیۆلۆجیای کۆمۆنیستی بزانن، کە ئەو سەردەمە رەوت و فەلسەفەی کاری کۆمۆنیستی پانتاییێکی بەرفراوانی لە ناوچەکە بە گشتی و لە کوردستاندا بۆ خۆی بردبوو، بە خوێندنەوەی چەندان بەڵگەنامە پلانی کارکردنی بەریتانییەکان دەردەکەوێت.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

## ڕۆژنامە و پرسی سەربەخۆیی

ئەم ڕاپۆرتە پێش ڕاگەیاندنی کۆماری کوردستان نووسراوە ئاماژە بە ئاڕستەی کاری ڕێکخراوەیی کۆمەڵەی ژێ. کاف دەدات: لە ڕاپۆرتەکە، کە ڕۆژی ١٩٤٤/٩/١٣ی لەسەرە، ئەم بابەتە باسکراوە:" ڕۆژنامەیەکی کوردی کە دەگووترێ بە نهێنی بڵاودەبێتەوە، قازی محەممەد لە چاپی دەدات و بەشداری تێدا هەیە. ڕۆژنامەکە بە گوێرەی قسەی ئەو پشتگیری لە سەربەخۆیی کوردستان دەکات[٤٥].هەروەها لە ڕاپۆرتێکی تردا ئاماژە بەناوی کۆمەڵەیەك کراوە کە داوای سەربەخۆیی دەکات. ڕاپۆرتەکە ٤٨١ لاپەڕەیەو بە ژمارە ٦.٨/٩٦/١ی ساڵی ١٩١٩ی وەزارەتی هەندەرانی بەریتانیایە، ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە لە شوێنێك باس لە کۆمەڵەی پێشکەوتنی کوردستان دەکات و ئەم زانیارییەی تێدایە:" ئەم دەستەیە کۆشش بۆ دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ دەکەن لەژێر حیمایەی بەریتانیادا[٤٦]وەك لە پێشەوە ئاماژەمان پێدا لەنێو بەڵگەنامەکانی حکومەتی بەریتانیا فایلێك هەیە تایبەتە بە کاروچالاکییەکانی حزبی شیوعی عیراق، لە بابەتێکدا باس لە باڵە جیابووەکەی پارتی دیموکراتی کوردستان لە ساڵی ١٩٥٣ بە سەرکردایەتی هەمزە عەبدوڵلا دەکەن کە لە ڕۆژنامەکەی ڕزگاری کە ئۆرگانیان بوو نووسین و بابەتیان سەبارەت بە سەربەخۆیی بڵاوکردۆتەوە، بەڵام ئاماژەیان بە هەردوو باڵەکە جیابووەوەکەی پارتی نەداوە، بەریتانییەکان نووسیویانە " گەلێك لە وتارەکانی ڕۆژنامەی ڕزگاری بە شێواز و گیانی کۆمۆنیستی دەنووسرێن، بەڵام هەمیشە بە باسی سەربەخۆیی کوردستان زاخاو دراون، هەر لەبەر ئەوەیشە کە چ ڕزگاری و چ ئازادی لەو بوارەدا تا ڕادەیەك لەگەڵ حیزبی شیوعی عیراقی دا یەك ناگرنەوە[٤٧]". لە چەندان بەڵگەنامەی تردا هەست بەو ئاڕاستە دەکرێت و بەریتانییەکان هەڵوەستەیان بۆ کردووە و سەرنج و قسەوباسی خۆیان تۆمار کردووە.

## کۆمۆنیست و دژە کۆمۆنیست

پاش چەکەرەکردنی ڕێکخراو و دەستە و کۆمەڵەی کوردی لە تەواوی پارچەکانی کوردستاندا، بە تایبەتیش لە کوردستانی باشووردا، فکرەی کۆمۆنیستی و موتوربەکراو بە فکری مارکس- ئەنجلس، پاشان لینین پەلوپۆی خستە ناو ژیانی حزبی سەرکردە و بنکەی ڕێکخراوەیی کۆمەڵە و حزبە کوردستانییەکان. لە بەڵگەنامەیەکدا هەڵوەستەیان لەسەر کۆمەڵەی ژێ. کاف کردووە و ئەم سەرنجەیان تۆمار کردووە "کۆمەڵە[٤٨] کە بووە هێزێکی بزووێنی دیاری ڕزگاریخوازی کورد دەستی کردە بڵاوکردنەوەی گۆڤاری (نیشتمان[٤٩]) کە تەواو بەلای بیروبڕوای سۆشیالیزمیدا دەیشکاندەوە[٥٠]" لە هەمان لاپەڕەدا ئەم زانیارییەش گرنگە" ساڵی ١٩٤٤ دوو گۆڤاری



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینێن کوردی

کوردیی دەرچوون کە هەردووکیان ئاشکرا ڕێبازی کۆمۆنیستیان گرتەبەر، یەکەمیان ناوی ( ئازادی[٥١]) و دووەمیان ناوی ( یەکیەتی تێکۆشین) بوو. لە کاتێکدا ( نیشتمان) کوردی هاندەدا بۆ یەکگرتن لە پێناوی داواکردنی مافەکانیانداو داوای لە سەرکردە دەرەبەگەکان دەکرد خۆیان بگەیێننە ئاستی ژیانی هاوچەرخ، ( ئازادی) خۆی لە بابەتی نەتەوەیی لادەدا و لە بریتی ئەوە داوای لە کورد دەکرد یەك بگرن دژی کۆنەپەرستی و ئیمپریالیزم و کۆلۆنیالیزم، بە ئاشکراش دژی بەریتانیا بوو. ئەمە و لە راپۆرتێکدا کە رۆژی ١٩٥٤/٤/٧ نووسراوە، گوایە رووسەکان لە ناوچەی کوردنشینەکان دەستیان بە بلاوکردنەوەی رۆژنامەیەك کردووە کە حزبی (کۆمۆنیستی) کۆمەڵە دەری دەکات، حزبەکەشیان بە رەسمی ناسیوە[٥٢]. راپۆرتێکی تر کە رۆژی ١٩٥٥/١/١٨ لەسەرە، زانیاری وردی تێدایە و ئاماژە بە دەرکردنی گۆڤاری هاوار لە لایەن کامەران عالی بەدرخان دەکات و وەك نووسراوە گۆڤاری هاوار دژ بە کۆمۆنیستەکان بووە. ئینجا چەندان زانیاری سەبارەت بە حزبە شیوعییەکانی عیراق و تودە و دەرکردنی رۆژنامە بە زمانی کوردی تۆمار کراوە، لەگەڵ باس و خواسی چەندان ئەدەبیات و بلاوکراوەی تر کە سەرنجی خۆیان دەربارەی ئاڕاستەی کارکردنیان و کاریگەرییەکانیان نووسیوە.

## چی بکەین باشە؟

ئێستا ئەم سێ پرسیارە دەکەین، ئایا ئەو ئەرشیفە بە کەڵك دێت کاری لەسەر بکرێت و سوودی لێ وەربگیرێت؟ ئەگەر بە کەڵك دێت، کەواتە چۆن و بە چ پلانێك کاری لەسەر بکرێت؟ ئایا مێژوونووسانی کورد لەو دوورە دەستییە بە چ میکانیزمێك دەتوانن سوود لەو ئەرشیفە دەوڵەمەندە ببینن؟

دوای خوێندنەوە و توێژینەوە لەسەر بەشێك لە بەڵگەنامەکانی حکومەتی بەریتانیا دەکریت وەك سەرچاوە بۆ بابەتی هەمەبوار کاریان لەسەر بکرێت، بە مەرجێك بە گوێرەی توانا بە سەرچاوەی تر بەراورد بکرێن. بەڵام لە هەمووی گرنگتر ئەوەیە کە لە ڕێگای زانکۆکانی کوردستان یاخود راستەوخۆ حکومەتی هەرێمی کوردستان لیژنەیەك لەسەر ئاستی باڵاو پسپۆر پێك بێنێت بە مەبەستی کۆکردنەوە و هێنانەوەی ئەو هەزاران بەڵگەنامەیەی لە ئەرشیفی ناوبراودا هەن وەك قۆناغی یەکەم، یان هەوڵ بدرێت ئەو ١٣ کتێبەی کە زانکۆی کامبێرج چاپی کردوون بۆ سەر زمانی کوردی وەربگێڕدرێن و چاپ بکرێنەوە، بە مەرجێك دانەی ئۆرجیناڵی بەڵگەنامەکانیش لە کتێبەکاندا چاپ بکرێنەوە.



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

بۆ مێژووی ڕۆژنامەگەریش، ئەوەندەی دەرکمان پێکردووە، بە پشکنین و گەڕانی وردتر لە دووتوێی ئەرشیڤخانەکەی بەریتانیدا بەڵگەنامەی گرنگی تێدایە سەبارەت بە مێژووی ڕۆژنامەگەریی حزبی و نهێنی کوردی، دڵنیاین کۆمەڵێك کەلێن لەو مێژووە پڕ دەکرێتەوە!

بە دامەزراندنی ئەرشیڤێکی نەتەوەیی و هێنانەوەی ئەو هەزاران بەڵگەنامانەی لە وڵاتی دەرەوە دەربارەی کورد و کوردستان هەن، مێژوونووسانی ئێمە سەرچاوەی گرنگ و دانسقەیان دەکەوێتە ژێر دەست.

## ئەنجام:

بەریتانیا، هێز و وڵاتێکی خاوەن پێگە و بڕیار بووە لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. کوردستانیش لە لای بەریتانییەکان خاکێکی دەوڵەمەند بە سامانی ژێر زەوی و جوگرافیایەکی گرنگ بووە.

کتێبخانەی کوردی پێش ئەوەی بە ڕاپۆرت و فایلە ڕەسمییەکانی وڵاتان دەرهەق بە کورد و کوردستان ئاشنا بکرێت، سەرەتا نووسین و بەرهەمی ڕۆژهەڵاتناسەکانی ناسیوە و نەیزانیوە ئەرشیفی نهێنی ئەو وڵاتانە چیان سەبارەت بە کوردستان پاراستووە!

دە ساڵێك دەبێت کۆمەڵێك کتێب لەژێر ناونیشانی کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە ڕەسمییەکانی حکومەتی بەریتانیادا بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی چاپ و بڵاوکراونەتەوە، کە زۆربەیان بەرهەمی ئامادەکراو و وەرگێڕدراون، تەنیا لە چەند کتێبێکدا سەرنج و شیتەڵکاریی بۆ بەڵگەنامەکان نووسراون.

توێژەر،سەرەتا وەڵامی ئەو پرسیارەی داوەتەوە بۆچی ماوەی مێژوویی ١٩٤٠ تا ١٩٦٠ی هەڵبژاردووە، ئەو پێی وایە ماوەی پاشایەتی لە عیراق و چەکەرەکردنی ژیانی سیاسی و حزبی لە تەواوی کوردستان و ئەو گۆڕانکارییانەی لە جۆری حکومی ئەو وڵاتانەی کە کوردستانیان بەسەر دابەشکراوە، چاوی بەریتانییەکانی بەرامبەر بە خاکی کوردستان تیژتر کردووە.

توێژەر،لە دووتوێی بەڵگەنامە ڕەسمییەکانی بەریتانیادا تەنیا هەڵوەستەی لەسەر ئەو فایل و ڕاپۆرتانە کردووە کە باسیان لە ڕۆژنامەگەریی کوردی کردووە، ئەو بۆی دەرکەوتووە بەریتانییەکان بە بەرنامە بەدواداچوونیان بۆ ئەو گۆڤار و ڕۆژنامە و بڵاوکراوانە کردووە کە دەستە و ڕێکخراو و حزبی کوردی بە نهێنی دەریانکردوون و زیاتر مەبەستیان لە ئامانج و ئاڕاستەی کارکردنی حزبەکان بووە، کە ئەوسا جیهان بەسەر دوو بلۆکدا دابەش کرابوو،



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ لێکۆڵینەوەی کوردی

هەروەها ئاماژەشیان بە چەند بڵاوکراوە و گۆڤارێکیش داوە کە بە ئاشکرا چاپ و بڵاوکراونەتەوە.

بەریتانییەکان دەیانزانی فکری مارکسی و کۆمۆنیستی لە سەرەتای سەدەی رابردوو بە شێوەیەکی فراوان رووی لە رۆژهەڵات کردووە، بۆیە لە چەندان راپۆرت و فایلدا پێناسەی کۆمۆنیستی و مارکسیان داوەتە پاڵ کۆمەڵێك رۆژنامە و گۆڤاری کوردی.

مەسەلەیەکی تر کە بەریتانییەکانی سەرقاڵ کردووە، ئەویش سەربەخۆیی و دەوڵەتی کوردی بووە، بە دواداچوونیان بۆ چەندان رۆژنامە و گۆڤار کردووە کە بابەتیان سەبارەت بە سەربەخۆیی و مافی چارەی خۆنووسین بڵاوکردۆتەوە.

بە گشتی، ئەو بەڵگەنامانە سەرچاوەی گرنگ و بەنرخن بۆ مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی بە تایبەتیش بۆ راستکردنەوەی کۆمەڵێك کەموکورِی لە مێژووی رۆژنامەگەریماندا.

## پەراوێز

(١) ئەحمەد باوەر، بەدواداچوونێکی زانستی سەبارەت بە مێژوو و بەڵگەنامە و رێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوو، شیکار ( گۆڤار)، ژمارە ٢٥، پەیمانگای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دەریدەکات، زستانی ٢٠١٨، ل١٤٤

(٢) سوودم لەم سەرچاوەیە بینیوە:https://weziwezi.com

(٣) هەوڵی کورتەخایەن هەبووە، وەك؛ دامەزراندنی ئەرشیفی نەتەوەیی کوردستان لە شاری سلێمانی ساڵی ١٩٩٧

(٤) بۆ زانیاری زیاتر دەکرێت سەیری ئەم وتارە بکرێت: نەوزاد عەلی ئەحمەد، بۆ، چۆن، لە کوێ ئەرشیفی رۆژنامەگەریی کوردی دابمەزرێنین؟ کتێبی؛ رۆژنامە لە کتێبدا، بەرگی چوارەم، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی رۆشنبیری، چاپخانەی رۆشنبیری، هەولێر ٢٠١٤، ل ١٨٨

(٥) کەمال مەزهەر، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکومەتی بەریتانیادا، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم پوختەکراو، ئامادەکردنی: عەبدوڵلا زەنگەنە و شەهلا تاهیر حەیدەری، چاپخانەی گرین گلۆری، لوبنان ٢٠٠٩، ل ٣٩. بۆ زانیاری زیاتر یەکەم چاپی ئەم بەرگە ساڵی ٢٠٠٨ لە لوبنان لە هەمان چاپخانە چاپکراوە.

(٦) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٩



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەرێ زاخو بۆ ڤەکولینێن کوردی

(7) https://en.wikipedia.org/wiki/The_National_Archives_(United_Kingdom)

(٨) ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر ( دکتۆر)، کورد کوردستان لە کۆمەڵە وتارێکی مێژوویدا، چاپی یەکەم، وەرگێڕانی: ئازاد عوبێد، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٥، ل٢٤

(٩) بۆ وردەکاری و زانیاری تر سەبارەت بەو رووداوانە سەیری ئەم سەرچاویە بکەن: میهڤان محمد حسین( دکتور)، موقف بریطانیا من القضية الكردية في العراق ١٩٧٥- ١٩٨٠، من منشورات مركز زاخو للدراسات الكردية، لطبعة الاولى، .... ٢٠١٨، ص ٢٩ الى ص ٤٤

(١٠) محمود زايد( ( دکتور)، دولة كردستان المستقلة و المؤآمرات الغربية و الاقليمية لاجهاضها، الطبعة الاولى، الناشر: دار الرواق الازهري، القاهرة ٢٠١٥، ص ٧٦

(١١) رادیۆی پارتی دیموکراتی کوردستان- عیراق بووە و ساڵی ١٩٦٣ دامەزراوە.

(١٢) شەریف هەژاری ( ئامادەی کردووە)، جولانەوەی نەتەوەیی باشووری کورستان ١٩٦١ تا-١٩٧٧ لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا، وەرگێڕانی لە زمانی ئینگلیزییەوە: یاسار شێرکۆ، چاپخانەی  پەنجەرە، سلێمانی ٢٠١٦، ل١٠١

(١٣) رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامە بەریتانییەکان دا، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئەنوەر سوڵتانی، ٢٠٠٥، ل٢٦

(١٤) سەرچاوەی پێشوو،ل٣٩٣

(١٥) سەرچاوەی پێشوو،ل٤٥٨

(١٦) کەمال مەزهەر، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکوومەتی بەریتانیادا، ئامادەکردنی: شەهلا تاهیر حەیدەری، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠١٤، ل٥٣٠

(١٧) مەبەستی لە رۆژنامەی ئازادی ی حزبی شیوعی عیراقی، لقی کوردییە کە یەکەمین ژمارەی ساڵی ١٩٤٤ بە نهێنی لە کەرکوك دەرچووە.

(١٨) کەمال مەزهەر، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکوومەتی بەریتانیادا، ئامادەکردنی: شەهلا تاهیر حەیدەری، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠١٤، ل٦٠

(١٩) - کەمال مەزهەر، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکومەتی بەریتانیادا، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم پوختەکراو، ئامادەکردنی: عەبدوڵڵا زەنگەنە و شەهلا تاهیر حەیدەری، چاپخانەی گرین گلۆری، لوبنان ٢٠٠٩، ل٣٦١. بۆ زانیاری زیاتر یەکەم چاپی ئەم بەرگە ساڵی ٢٠٠٨ لە لوبنان لە هەمان چاپخانە چاپکراوە.

(٢٠) رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامە بەریتانییەکان دا، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئەنوەر سوڵتانی،.. ٢٠٠٥، ل ٩٩.

(٢١) كەمال مەزهەر، كورد و كوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەكانی حكوومەتی بەریتانیادا، ئامادەكردنی: شەهلا تاهیر حەیدەری، بەرگی دووەم، چاپی یەكەم، لە بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای كوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠١٤، ل١٣٠

(٢٢) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٧

(٢٣) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٤

(٢٤) هەمان سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥٧

(٢٥) هەمان سەرچاوەی پێسوو، ل٥٣٠

(٢٦) نەوزاد عەلی ئەحمەد، كوردستان گۆڤاری كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد لە ئەوروپا، لە بلاوكراوەكانی بنكەی ژین و ئەكادیمیای هوشیاری و پێگەیاندنی كادیران، سلێمانی ٢٠١١

(٢٧) هەمان سەرچاوەی پێشوو، لەگەڵ ئەم سەرچاوەیە: نەوزاد عەلی ئەحمەد، كۆمەڵێك بەڵگەنامەی كۆمەڵەی خوێندكارانی كورد لە ئەوروپا ١٩٦٣- ١٩٧٣، لە بڵاوكراوەكانی بنكەی ژین، سلێمانی ٢٠٠٩

(٢٨) كەمال مەزهەر، كورد و كوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەكانی حكوومەتی بەریتانیادا، ئامادەكردنی: شەهلا تاهیر حەیدەری، بەرگی دووەم، چاپی یەكەم، لە بڵاوكراوەكانی ئەكادیمیای كوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠١٤، ل ٢٣١

(٢٩) ولید حمدی، كورد و كوردستان لە بەڵگەنامەكانی بەریتانیادا، چاپی یەكەم، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: موحەمەد نوری تۆفیق، زنجیرەی كتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم(١٠)، چاپخانەی تیشك، سلێمانی ١٩٩٩، ل ١٨٤

(٣٠) لە هیچ سەرچاوەیەكی تر باس لە گۆڤارێك نەكراوە كە ئەوسا بەو ناوە لە لایەن خۆیبوون لە سوریا دەرچووبێت.

(٣١) ولید حمدی، كورد و كوردستان لە بەڵگەنامەكانی بەریتانیادا، چاپی یەكەم، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: موحەمەد نوری تۆفیق، زنجیرەی كتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم(١٠)، چاپخانەی تیشك، سلێمانی ١٩٩٩، ل ١٨٦

(٣٢) شوكری بەگ بابان یاخود شوكری بەگی بەبە، هەروەها بەم شێوەیەش ناوی هاتووە ( بابان زادە حوسێن شوكری) لە چەند سەرچاوەیەكدا وەك خەڵكی سلێمانی ناسێنراوە و سەرنووسەری رۆژنامەی تەرجومان بووە. سەیری ئەم سەرچاوەیە بكرێت: (كۆمەڵە و رێكخراوە كوردییەكان ١٩١٨- ١٩٣٣ لە بەڵگەنامەكانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا و فرانسادا، بەرگی یەكەم، وەرگێڕانی: د. نەجاتی عەبدوڵڵا، لە بڵاوكراوەكانی بنكەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٧، ل ١٤٣).



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەكۆلینێن كوردی

(٣٣) مەمدوح سەلیم: ( وان ١٨٩٧- شام ١٩٧٦) مامۆستا و پیاوی سیاسی کوردە، ئەندامی جەمعیەتی تەعالی کوردستان و سەرنووسیاری گۆواری ژین بووە. سەرەتای دامەزراندنی کۆماری تورکیا وەك زۆربەی روناکبیرانی کورد پەڕیوەی شام بوو و پاشان بوو بە مامۆستا. سەیری ئەم سەرچاوەیە بکرێت: (کۆمەڵە و رێکخراوە کوردییەکان ١٩١٨- ١٩٣٣ لە بەڵگەنامەکانی هەردوو وەزارەتی دەرەوەی بریتانیا و فرانسادا، بەرگی یەکەم، وەرگێڕانی: د. نەجاتی عەبدوڵلا، لە بلاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٧، ل٣٢٧).

(٣٤) مەبەست لە حوسێن حوزنی موکریانی یە.

(٣٥) سەلمان عەلی (وەرگێڕ لە زمانی ئینگلیزی)، کوردستانی عیراق لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا، پێشەکی و پێداچوونەوەی: سدیق ساڵح، لە بلاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٥، ل ٦٥

(٣٦) مەسەلەی کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیدا ١٩١٨-١٩٢٤، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: محەمەد مستەفا قەرەداغی، پێداچوونەوەی: بەختیار شێخ مستەفا، لە بلاوکراوەکانی دەزگای دوارِۆژ بۆ رووناکبیریی و راگەیاندن، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠١٧، ل ٣٣٠

(٣٧) ئەوکاتە مام جەلال سەرنووسەری رۆژنامەی خەبات نەبووە، بەڵکو ئیبراهیم ئەحمەد سەرنووسەر بووە.

(٣٨) نەوزاد عەلی ئەحمەد، هونەرەکانی ئەدەب لە رۆژنامەگەریی نهێنی کوردیدا ١٩٦١-١٩٩١، سلێمانی ٢٠٠٣، ل١٩

(٣٩) سەیری ئەم دوو سەرچاوەیە بکرێت؛ رەفیق ساڵح، عەبدوڵلا زەنگەنە، مێژووی رۆژنامەگەریی کوردی. هەروەها ئەم کتێبەش؛ نەوزاد عەلی ئەحمەد، رابەری رۆژنامەگەریی کوردی ١٩٢٣-١٩٦٠، لە بلاوکراوەکانی بەڕێوەبەرایەتی چاپ بلاوکردنەوە، سلێمانی ٢٠٠٤

(٤٠) مستەفا پاشا یامولکی ( سلێمانی ١٨٦٦- سلێمانی ١٩٣٦). خوێندنی سەرەتایی لە شاری سلێمانی و خوێندنی عەسکەری لە بەغدا تەواو دەکات. ساڵی ١٨٨٦ لە ئەستەمبووڵ قوتابخانەی حەربییە تەواو دەکات و کۆمەڵێك پۆست و پایەی گرینگ لە وەزارەتی جەنگ و دواییین جاریش پۆستی سەرۆك ئەرکانی سوپا لە ئەنقەرە وەردەگرێ و پاشان لە سەردەمی ئەنوەر پاشا خانەنشین دەکرێ. دوای روخانی ئیمپراتۆری عوسمانی بە رەزامەندی ئینگلیز دەگەڕێتەوە بۆ سلێمانی و لە ٢١ی تەمووزی ١٩٢٢ جەمعیەتی کوردستان دادەمەزرێنێ و رۆژنامەی بانگی کوردستان بلاودەکاتەوە. لە حکومەتی شێخ مەحموود ساڵی ١٩٢٢ پۆستی وەزیری مەعاریف وەردەگرێ. سەرچاوە: کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا ١٩٢٠-١٩٢٢، چاپی یەکەم، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: د. شێرکۆ فەتحوڵلا، ئامادەکردن و پێشەکی: د. نەجاتی عەبدوڵلا، لە بلاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر ٢٠١٢، ل١٢٨

(٤١) مەسەلەی کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیدا ١٩١٨-١٩٢٤، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: یاسار شێرکۆ و دیار ئەکرەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای دوارۆژ بۆ رووناکبیریی و راگەیاندن، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠١٧، ل١٨٥

(٤٢) مەبەست لە رۆژنامەی رزگاری ئۆرگانی حزبی رزگاری کورد بووە.

(٤٣) سەیری ئەم سەرچاوەیەش بکرێت؛ جەمال نەبەز، گۆڤاری کۆمۆنیستانە یەکێتیی تێکۆشین ١٩٤٤-١٩٤٥ ئیدۆلۆژی ی هوردە بۆرژوای مارکسیستی کورد، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادێمیای کوردی بۆ زانست و هونەر، ستۆکهۆڵم ١٩٨٨

(٤٤) کەمال مەزهەر، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکوومەتی بەریتانیادا، ئامادەکردنی: شەهلا تاهیر حەیدەری، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠١٤، ل١٢٩-١٣٠

(٤٥) رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامە بەریتانییەکان دا، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئەنوەر سوڵتانی، ٢٠٠٥، ل٦٩

(٤٦) کەمال مەزهەر، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکومەتی بەریتانیادا، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم پوختەکراو، ئامادەکردنی: عەبدوڵڵا زەنگەنە و شەهلا تاهیر حەیدەری، چاپخانەی گرین گلۆری، لوبنان ٢٠٠٩، ل٦٤

(٤٧) کەمال مەزهەر، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکوومەتی بەریتانیادا، ئامادەکردنی: شەهلا تاهیر حەیدەری، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠١٤، ل٦٥

(٤٨) واتە کۆمەڵەی ژێ کاف

(٤٩) سەیری ئەم دوو سەرچاوەیە بکرێت؛

آ. جەمال نەبەز، گۆڤاری نیشتمان تەمووزی ١٩٤٣- مایسی ١٩٤٤ زمان حاڵی کۆمەڵەی ژێکاف و ئیدۆلۆژی هوردە بۆرژوای رۆشنبیری ناسیونالیست لە کوردستاندا، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی چاپەمەنی ئازاد ، سوید ١٩٨٥

ب. هیمداد حوسێن، رۆژنامەنووسیی کوردی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان ١٩٤٢-١٩٤٧، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٢

(٥٠) کەمال مەزهەر، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکومەتی بەریتانیادا، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم پوختەکراو، ئامادەکردنی: عەبدوڵڵا زەنگەنە و شەهلا تاهیر حەیدەری، چاپخانەی گرین گلۆری، لوبنان ٢٠٠٩، ل٢٣١

(٥١) ئازادی رۆژنامە بوو نەك گۆڤار

(٥٢) رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامە بەریتانییەکان دا، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئەنوەر سوڵتانی،..٢٠٠٥، ل٣٩٧



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

# سەرچاوەکان:

## یەك: کتێب بە زمانی کوردی


- ئەحمەد عوسمان ئەبوبەکر ( دکتۆر)، کورد کوردستان لە کۆمەڵە وتارێکی مێژوویدا، چاپی یەکەم، وەرگێڕانی: ئازاد عوبێد، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپخانەی وەزارەی پەروەردە، هەولێر ٢٠٠٥
- بیلال ن شمشیر، بەڵگەنامەکانی ئینگلیز لەبارەی کێشەی کوردی تورکیاوە ( ١٩٢٤- ١٩٣٨)، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: سەلمان عەلی، پێشەکی و پێداچوونەوەی: سدیق ساڵح، لە بڵاوکراوەکانی خانەی وەرگێڕان، چاپخانەی ئاسا، سلێمانی ٢٠٠٢
- جەمال نەبەز، گۆڤاری کۆمۆنیستانە یەکێتیی تێکۆشین ١٩٤٤-١٩٤٥ ئیدۆلۆژی ی هوردە بۆرژوای مارکسیستی کورد، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادێمیای کوردی بۆ زانست و هونەر، ستۆکهۆڵم ١٩٨٨
- جەمال نەبەز، گۆڤاری نیشتمان تەمووزی ١٩٤٣- مایسی ١٩٤٤ زمان حاڵی کۆمەڵەی ژێکاف و ئیدۆلۆژی هوردە بۆرژوای رۆشنبیری ناسیونالیست لە کوردستاندا، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی چاپەمەنی ئازاد ، سوید ١٩٨٥
- رۆژهەڵاتی کوردستان لە بەڵگەنامە بەریتانییەکان دا، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: ئەنوەر سوڵتانی، ٢٠٠٥
- شەریف هەژاری ( ئامادەی کردووە)، جولانەوەی نەتەوەیی باشووری کورستان ١٩٦١-١٩٧٧ لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا، وەرگێڕانی لە زمانی ئینگلیزییەوە: یاسار شێرکۆ، چاپخانەی پەنجەرە، سلێمانی ٢٠١٦
- کوردستانی عیراق لە بەڵگەنامەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا، وەرگێرانی لە زمانی ئینگلیزییەوە؛ سەلمان عەلی، پێشەکی و پێداچوونەوەی: سدیق ساڵح، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠٠٥
- کەمال مەزهەر، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حوکومەتی بەریتانیادا، بەرگی یەکەم، چاپی دووەم پوختەکراو،





Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

ئامادەکردنی: عەبدوڵلا زەنگەنە و شەهلا تاهیر حەیدەری، چاپخانەی گرین گلۆری، لوبنان ٢٠٠٩، ل ٣٩. بۆ زانیاری زیاتر یەکەم چاپی ئەم بەرگە ساڵی ٢٠٠٨ لە لوبنان لە هەمان چاپخانە چاپکراوە.

- کەمال مەزهەر، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی حکوومەتی بەریتانیادا، ئامادەکردنی: شەهلا تاهیر حەیدەری، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، لە بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای کوردی، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر ٢٠١٤

- کورد و کوردستان لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی وەزارەتی دەرەوەی بەریتانیادا ١٩٢٠-١٩٢٢، چاپی یەکەم، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: د. شێرکۆ فەتحوڵلا، ئامادەکردن و پێشەکی: د. نەجاتی عەبدوڵلا، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، چاپخانەی ئاراس، هەولێر ٢٠١٢

- مەسەلەی کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیدا ١٩١٨-١٩٢٤، بەرگی سێیەم، چاپی یەکەم، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: یاسار شێرکۆ و دیار ئەکرەم، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای دواڕۆژ بۆ ڕووناکبیریی و ڕاگەیاندن، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠١٧

- مەسەلەی کورد لە بەڵگەنامە نهێنییەکانی بەریتانیدا ١٩١٨-١٩٢٤، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم، وەرگێڕانی لە ئینگلیزییەوە: محەمەد مستەفا قەرەداغی، پێداچوونەوەی: بەختیار شێخ مستەفا، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای دواڕۆژ بۆ ڕووناکبیریی و ڕاگەیاندن، چاپخانەی شڤان، سلێمانی ٢٠١٧

- نەوزاد عەلی ئەحمەد، ڕۆژنامە لە کتێبدا، بەرگی چوارەم، لە بڵاوکراوەکانی وەزارەتی ڕۆشنبیری، چاپخانەی ڕۆشنبیری، هەولێر ٢٠١٤

- نەوزاد عەلی ئەحمەد، کوردستان گۆڤاری کۆمەڵەی خوێندکارانی کورد لە ئەورووپا، لە بڵاوکراوەکانی بنکەی ژین، ئەکادیمیای هوشیاری و پێگەیاندنی کادیران، سلێمانی ٢٠١١

- نەوزاد عەلی ئەحمەد، هونەرەکانی ئەدەب لە ڕۆژنامەگەریی نهێنی کوردیدا ١٩٦١-١٩٩١، سلێمانی ٢٠٠٣



Zakho Centre
for Kurdish Studies
سەنتەری زاخۆ بۆ ڤەکۆلینێن کوردی

- هیمداد حوسێن، ڕۆژنامەنووسیی کوردی سەردەمی کۆماری دیموکراتی کوردستان ١٩٤٢- ١٩٤٧، لە بڵاوکراوەکانی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٢
- ولید حمدی، کورد و کوردستان لە بەڵگەنامەکانی بەریتیانیادا، چاپی یەکەم، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە: موحەمەد نوری تۆفیق، زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم(١٠)، چاپخانەی تیشك، سلێمانی ١٩٩٩

## دوو: کتێب بە زمانی عەرەبی

- محمود زاید( ( دکتور)، دولة كردستان المستقلة و المؤآمرات الغربية و الاقليمية  لاجهاضها، الطبعة الاولى، الناشر: دار الرواق الازهري، القاهرة ٢٠١٥
- میهڤان محمد حسین( دکتور)، موقف بریطانیا من القضیة الکردیة في العراق ١٩٧٥- ١٩٨٠، من منشورات مرکز زاخو للدراسات الکردیة، لطبعة الاولی، .... ٢٠١٨

## سێ: سایتی ئەلیکترۆنی

(https://en.wikipedia.org/wiki/The_National_Archives_(United_Kingdom

https://weziwezi.com

بهزاد خوشحالی، کردستان و کرد در اسناد محرمانەی بریتانیا،

ڕەفیق ساڵح، عەبدوڵلا زەنگەنە، مێژووی ڕۆژنامەگەریی کوردی، سایتی بنکەی ژین.

## چوار: گۆڤار

- ئەحمەد باوەڕ، بەدواداچوونێکی زانستی سەبارەت بە مێژوو و بەڵگەنامە و ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوو، شیکار ( گۆڤار)، ژمارە ٢٥، پەیمانگای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دەریدەکات، زستانی ٢٠١٨

# الصحافة الكردية في الوثائق الرسمية للحكومة البريطانية

# ١٩٤٠-١٩٦٠


## الملخص:

بريطانيا، دولة لها مكانتها وصاحبة قرار في منطقة الشرق الاوسط.كوردستان، كانت لدى البريطانيين، أرض غنية بالثروات ومكانتها الجغرافية كانت مثار اهتمامها.المكتبة الكردية، تعرفت بداية عن طريق كتابات ونتاجات المستشرقين و بالتقارير والوثائق المتعلقة بالكورد وكوردستان، ولم تعلم بما خبأت الوثائق السرية لتلك الدول عن كوردستان.منذ سنوات، كانت هناك مجموعة من الكتب تحت عنوان الكورد و كوردستان في الوثائق الرسمية للحكومة البريطانية وتمت طباعتها باللغات الكردية والعربية والانكليزية، ومعظمها نتاجات مُعدّة ومترجمة، الا بعضها مرفقة بالوثائق والملاحظات.

الباحث، جاوب على السؤال المطروح، لماذا اختار الفترة الزمنية منذ عام ١٩٤٠ والى سنة ١٩٦٠. هو يرى ان فترة الحكم الملكي و تسلطها على كامل كوردستان، كذلك التغييرات الحكومية في تلك الدول التي وزّعت كوردستان بينها، قد أثارت أطماع البريطانيين.

الباحث، تناول فقط الوثائق والتقارير المتعلقة بالصحافة الكوردية في الوثائق الرسمية للحكومة البريطانية، وتبين له ان البريطانيين كان يتابعون بشكل ممنهج تلك المجلات والصحف التي كانت تصدرها المنظمات والاحزاب الكوردية بطريقة سرية، تلك الصحف كانت لسان حال واهداف تلك الاحزاب، حيث كان العالم مقسم الى قطبين في تلك الفترة.

البريطانيين، كانوا يعلمون ان الفكر الماركسي والشيوعي انتشر بشكل واسع في الشرق الاوسط في تلك الفترة. لذلك، فانهم صنفوا مجموعة من تلك الصحف والمجلات الكوردية في خانة المطبوعات الشيوعية والماركسية .مسألة أخرى كانت تُشغل البريطانيين، وهي الاستقلال ودولة كوردستان، فتابعوا العديد من الصحف والمجلات التي كانت تتناول الاستقلال وحق تقرير المصير لكوردستان.بشكل عام، تلك الوثائق تعتبر مصادر هامة وقيمة لتاريخ الصحافة الكوردية، خاصة لتصحيح مجموعة من الاخطاء في تاريخ صحافتنا الكوردية.



***الكلمات الدالة: الصحافة الكردية،*** بريطانيا، الوثائق، ***العراق.***

# The Kurdish press
# in the official British government documents
# 1940-1960


## Abstract:

Britain, as a great country, had a prominent position in the Middle East, and the British considered Kurdistan a rich land with mineral wealth and that it has an important geographical location. Before having these official reports and files which were issued by the countries that recognized the importance of Kurdistan, the Kurdish library contained the writings, books and publications of the early Orientalists, But it was not aware of the secret documents found in the archives of these countries about Kurdistan. A collection of books has been published over the past years in Kurdish, Arabic and English languages under the title, The Kurds and Kurdistan in the official British government documents. Most of these books are either translated from other languages or prepared by some authors, but only a few of them contain notes on these documents or analyzing them. The researcher believes that the period of royal rule in Iraq, the development of political and partisan life throughout Kurdistan, and the changes that took place in the system of governments in the countries on which Kurdistan had been divided, made the British more interested in Kurdistan. The researcher limited his research to the reports and files of the Kurdish press contained in the official British government documents. The researcher found that the British, according to an accurate plan, were studying newspapers, magazines and publications issued by secret Kurdish organizations and parties while countries were divided into two blocs. The British knew that Marxism and Communism were widespread in the East at the beginning of the last century. For this reason, they believed, as stated in these documents, that some of these Kurdish newspapers and newspapers had a role in definition and dissemination of Marxism and communism. Another issue which was of great importance to the British was independence of Kurdistan. So, they were following up these newspapers and magazines that dealt with this issue. In general, these documents are important and valuable sources for the Kurdish press, especially regarding the correction of some errors in the history of the Kurdish press.



***Keywords:*** *Kurdish press, British, documents, Iraq.*